# مۆدەی بەدڵلەی کراوە بۆ بووکەکان




چەندین جۆر لە بەدڵلەکانی بووك هەن، هەر یەکە جۆرە ستایل و شێوازێکی هەیە، ئەمەش دەکەوێتە سەر خواستی خانمان کە چ جۆرە مۆدەیەك هەڵدەبژێرن بۆ ڕۆژی ئاهەنگ، بۆیە دەبێ دەستنیشانی بەدڵلەیەکی جوان وەك هێمایەکی جوانی بێ لە دەرخستنی جوانی و ڕازاوەیی بووك، یەکێك لە مۆدە باوەکان کە زیاتر لە ڕۆژئاوا و وڵاتانی ئەورووپا گرنگی پێدەدرێ، ئەویش بریتییە لە مۆدەی سینگ کراوە، یان ئەوەی بەشی سەرەوەی کراوەیە و سینگ دەردەخات.

ئەم جۆرە ستایلە لە بەدڵلەی بووك، گرنگی بەجوانی شانەکانی خانمانی بووك دەدا، تەنانەت دەبێ کاری جوانکاری و ماکیاژ بۆ سەر شانەکانیش بکرێ، ئەویش بە ڕێژەیەکی کەم کە تاوەکو جیاوازی ڕەنگی پێست نەبێ لەگەڵ مل و ڕووخسار، ئەم جۆرە بەدلەیە جوانییەکەی زیاتر لە بەشی خوارەوە دەبێ، واتە نەخش و نیگارەکانی بەدڵلەکە دەکەوێتە سەر بەشی خوارەوەی کراسەکە، وەك بوونی نەخشێکی سەرنجڕاکێش و کراوە کە دەکەوێتە سەر قاچەکان، ئەم مۆدەیەش یەکێکە لە جوانترین کراسەکانی بووك بۆ ڕۆژی ئاهەنگ، تەنانەت دەکرێ لە ڕۆژی نیشان و ئاهەنگی تایبەت بپۆشرێ تەنیا ڕەنگەکەی سپی نەبێ و لە ڕەنگەکانی دیکەوە بێ.

# وێنەکێشان لەسەر پشتی چاو، وەک شێوازێکی نوێ بۆ جوانکاری خانمان








لەمە بەدوا دەبێت ئەوانەی ئارایشتگا دادەنێن لە هونەری وێنەکێشان شارەزاییەکی باشیان هەبێت، دەکرێ سوود لەم جۆرە جوانییە وەربگرین، کاتێك کە وێنە و شێوەی جوان لەسەر ماکیاژەکانی ڕووخسار یان چاوەکان دادەنرێن، ئەمەش یەکێکە لە تازەترین مۆدەکانی ماکیاژ و کە ڕەنگە لە داهاتوویەکی نزیکدا، گەورەترین پێشکەوتنی پێوە ببینرێ و لە ڕێگەی ئەو ماکیاژەوەش خانمان دەتوانن گۆڕانکاری بەسەر شێوازی ماکیاژ و جوانی ڕووخساریان بهێنن، لەم جۆرە مۆدەیە کارێکی جوانی پێوە دیارە، کە دوو گرنگی هەیە، یەکێکیان دانانی ماکیاژەکەیە، ئەوەی دیکەش دانانی ئەو وێنە یان ئەو شێوە جوانەیە کە دەبێتە ماکیاژی دواوەی پشت چاوەکان، ئەمەش یەکێکە لە تازەترین داهێنانەکانی بواری جوانکاری و دەکرێ خانمانی کوردستانیش سوود لەم لایەنە وەربگرن و دەتوانن بە وێنە و ئاڵای کوردستان و کوردەواری خۆمانەوەی پێوە ڕازاوە بکەین و مۆدەیەکی تایبەتیش دەبێ.

# کەرەستەکانی

کەرەستە جوانەکانی ماڵ، بە گشتی کاریگەریان هەیە لەسەر دیکۆری ماڵ، بە تایبەت ژووری چێشت کە دەبێ گرنگیەکی زۆری پێبدرێ و کاری جوانی بۆ بکرێ، جوانی ماڵ لە جوانی ژووری چێشت دەکرێتەوە، زیاتر دەبێ بە پاکی و جوانی و ڕازاوەیی بێ هەردەم، لەم وەرزەی ئێستادا زیاتر میوە و سەوزە پێشکەش دەکرێ، بەهۆی ئەو ڕەنگاوڕەنگییەی لە میوە و سەوزەکاندا هەن، دانانی کەرەستەکان بەپێی جوانی شتەکانەوە دەبێ، کەرەستەکانی میوە و سەوزە دیمەنێکی ڕازاوەیان هەیە، بە تایبەت کاتێك میوە و سەوزەی لێوە دادەنرێ، هەروەها ڕێگەیەکی



# جۆرەکانی ماکیاژ بۆ کاتی دەوام و شوێنی کارکردن

کاتێك خانمان بەبیانیان بەرەو دەوام و کار دەچن، دەبێ ماکیاژێکی ڕێك و جوان بکەن، ئەمەش بەمەبەستی زیاتر رازاوەیی و دەرخستنی رووخسار لە کاتی ئیشدا، بۆیە دەکرێ سوود لە چەند مۆدەیەك وەربگرین کە جێگەی جوانی و شایشتەیی لە رووخساری خانماندا دەبێ، لە کاتی هەستان لە خەو پێستی دەموچاو خاو دەبێتەوە و کراوە دەبێ لەهەمووکاتێک بەجوانترین شـێوە خۆی نیشـان دەدات، هەروەها زیاتر خانەکان کراوە دەبن و لێرەدا پێویسـتی بە ماکیاژی سادە دەبێ، پێوستە ئەو کچانەی کەبەیانیان ماکیاژ دەکەن بەتایبەتی کارمەندو ژنانی ماڵەوە پێویسـتە ماکیاژی ڕەنگی سادە هەڵبژێرین وەک (برۆنزی - شینی کاڵ - سەوزی کاڵ) ئەگەر هیچ ڕەنگێکیش بەکارنەهێنی ئەو شـێوەت جواتر نیشان دەدا. بۆنموونە: تەنیـا ناوچـاوت ڕەش بکە لەگەڵ ماسـکارەیەک بەکار بهێنـە، هەروەها ڕەنگی لێوەکانیشـت پێویسـتە ڕەنگی (پەمەیی یان گۆشتی یان قاوەیی کاڵ) بێت، چونکە تیشکی خـۆر بەهێزە ئـەم ڕەنگانە بەڕەنگی تـۆخ دەردەکـەون هەروەها خۆری بەیانیـان لەهەمووکاتێک بەهێزترە کاریگـەری زۆری دەبێت لەسـەر پێستی دەموچاو وای لێدەکات لۆچ بکەوێتە دەم و دەچاوت، زۆر مکیاژ کردن کەسەکە بەتەمەن دەردەکەوێت.



# چۆنیەتی ئامادەکردنی پیتزا

**کەرەستەکان**

٤٠٠-غرام ئارد
...١-کەوچکی قاوە جەمیرەی فـەوری
١-کـەوچك شـەکر
١-کەوچکی چـا خویّ
٣-کـەوچك زەیتی زەیتون یان کەمتر بەپێی ئارەزوو
١/٢-کـوپ شـیری گیراوە
ئاو بەپێی پێویست بۆ شـێلانی هەویرەکە.
- ڕێگەی دروست کردنی هەویرەکە
هەمـووی بەیەکەوە ئەشـێلیت تـا هەویرێکی جوانی لیّ دەردەچێت، پـاشـان بۆ ماوەی نیو کاتژمێر دایدەنێیت تا کەمێك هەڵدێت، هەروەها سـەبارەت بۆ زۆزەکەی، ئەم کەرەسـتانەی دەویّ:
٤-کەوچك کاتشپ ئەو کێچەپ
٢- کەوچـك دۆشـاوی تەماتە
١-کەوچـك خەل
کەمێك خویّ
٣-کەوچك زەیتی زەیتون
هـەموویـان بەیەکـەوە جوان تێکەڵاو ئەکەیت و دایدەنێیت



- پێویستیەکانی تـر بـۆ بەشـی سـەرەوەی پیتزا، بۆ زیاتر رازاندنەوە و جوانی..
زەیتونـی ڕەش و زەرد
بیبـەری زەرد و سور و سـەوز
پـەنیری گۆدا یان هەر پەنیرێك بۆ پیتزا بشێت
گـۆشـتی ورد کراو یـان قیمە یان ماسـی تون بەپێی ئارەزوو، دەکریّ ماسی بەکاربهێنین، چونکە بەتامترە.

تێبینی/ دەتوانی پیازیشی تیّ بکەیت بەئەڵقە بەپێی ئارەزووی خـۆت، پـەنیرەکە لەڕەندە دەدەین. دواتر بیبەر و زەیتون ماسـی یان گۆشتەکەی بۆ ئامادە دەکەیت.

ئێستا/ هەویرەکە دەهێنیت دەیکەیت بە دوو بەشـەوە...


قاڵبەکـە دەهێنیت کەمێـك چـەوری دەکەیت بەشـێك لە هەویرەکە دەهێنیت پانی دەکەیتەوە بە تیرۆك.

پـاشـان لەناو قاڵبەکە دای دەنێیت و کەمێك پەنیر دەکەیت بەسـەریدا، پـاشـان هەویرەکەی تر بەهەمان شێوە دووبارەی دەکەیتەوە و لەسەری دای دەنێیت. دواتر بە چـەتاڵێك هەویرەکە کون کون دەکەیت، پـاشـان زۆزەکەی بـۆت ئامادە کردووە، بەسەر هەویرەکە بڵاوی دەکەیتەوەو جارێکی تر پەنیری بـەسەرا بڵاو دەکەیتەوە، دواتر گـۆشـت یان ماسـی یان هەر شـتێك تۆ ئـارەزووی دەکەیت. لەگەڵ زەیتـون و بیبەرەکە دایدەنێیت لەسەری، جارێکیتر پەنیرەکە بەسەری بڵاو دەکەیتەوە، دەیخەیتە ناو فڕنی گەرمەوە، سـەرەتا لەبەشـی خوارەوەی فڕنەکە تا ژێرەوەی دەبرژیّ، پاشـان بەرزی دەکەیتەوە بـۆ سـەرەوە تا بەشی سـەرەوەشی دەبرژێت.

# میوە و سەوزە

دیکەی جوانی هەیە، ئەویش بە ئامادەکردنی میوە و سەوزە بە شێوەیەکی هونەری و جوان، کە تەنیا چەند بیرۆکەیەکی دەویّ، بـۆ نموونە: دەتوانین شـووتی بە پارچەی بچووك بچووك دابنێین، یان سێو بە نەخشەوە پارچە بکریّ، ئەمەش وادەکات کە دیمەنی شتەکان و کەرەستەکان جوانتر و رازاوەتر بیّ، یان کەرەسـتەی بڕین و ئامادەکردنی تایبەت هەن کە کاتێك میوە و سـەوزەی پێوە ئامـادە دەکەیت، لە خۆیەوە شێوە و دیمەنێکی بە نەخشـیان پێدەدا، بەم جۆرە دەتوانین دیمەنەکان رازاوەتر و جوانتر بکەین.





# شووتی بچووکیش دەرکەوت!

هاوینـە و وەرزی گەرمایە، لە کاتێکـدا لـەم وەرزەدا بەروبووم و خواردن و کەرەستە ساردەمەنییەکان خۆشـتر دەبن و زیاتر دەچنە حەز و ئارەزووی خەڵکـەوە، زیاتر لەم وەرزە چەند میوە و سـەوزەیەکی هاوینە دەردەکەون، شووتی یەکێکە لە سەوزە خۆشەکان، کە لەم وەرزە خواستێکی زۆری لەسەرە و بە لێشاو دەکڕدرێت، لەم ماوەیە گەورەترین شـووتی لـە هەولێر فرۆشـراوە کە کێشـەکەی نزیکـەی (١٥) کیلۆگرام دەبـوو، کەچی وادیارە بچووکترین شـووتیش پەیدابووە، ئەویش لـە وڵاتـی ئەمریکای باشـوور کـە کاری (ئەندازەی جینی) بۆ کراوە کـە تەنیا (٦) سـەنتیمەتر دەبێ و لەگەڵ پانی کەمتر لە (٣) سەنتیمەتر، ئەوەی سەیرە دەکرێ بکرێتە یەك وەجبە و بخوردرێ، ئەگەرچی شێوەیەکی بچووکی هەیە، بـەڵام ڕەنگە لە داهاتوو زیاتر گرنگی پێبدرێ.





## بەرگدروێکی نـ

مام عەلی پیاوێکی تەمەنی ٧٠ساڵەی کوردە لەگەڵ ئـەوەی نابینایە، بەڵام وەك گەنجێکی بە وورە کاردەکات و ئەو لەسـەر ئەو بڕوایەیە کە ئەگەر مرۆڤ پشـت بەخۆی ببەستێت تەنانەت نابینـاش بێت دەتوانێت ئیشـێکی دژواری وەك بەرگدروێتی بکات، کە پێویسـتە بۆ شتێکی وا



## شارەدێی تەوێڵە لـ





## تاتۆ گەیشتە سەر قاچیش!

تاتۆ ئەمڕۆ گشت جیهانی داگیر کردووە، تەنانەت کاری وای بۆ دەکەن کە مرۆڤ بیری بۆ ناچێ و لە گشـت شـوێنێکی جەسـتەوە ئەنجام دەدرێ، زیاتر لە وڵاتانـی ڕۆژئاوا و ئەورووپا تاتۆ دەکرێ، لێرەدا زیاتر لەسەر شان و دەستەکانەوە بینراوە، کەچی ئێسـتا لەسـەر قاچ و پێ تاتۆ کراوە، ئەوەی جێگەی سەیرە کە ئەو جۆرە تاتۆیە تاوەکو سەر ناڕوات، یان دەبێ بە ڕێگەی نەشـتەرگەری لابردرێ، ئەگەر تاتۆیەکە لە سـتایلە باشەکان بێ، ئەمەش وەك مۆدەیەکی تازەیە و لە بواری جوانـکاری کاری بۆ دەکرێ، جا هەر یەکە بە دڵـی خۆیەوە جۆرەها تاتۆ لەسـەر قاچەکانی دەکات، لێرەدا چەند دیمەنێك دیارە کە شـێوەی گوڵ و خۆشەویستی خراوەتە سەر قاچ، ئیتر بۆ گرنگی خۆشەویستییە یان وەکو ڕقێك بەرانبەر خۆشەویستی ئەو کارە کراوە.



# ـــــابینای کورد

چاوەکانت نەتەنیا بینا بن، بەڵکو زۆر وردبینیش بن، بەڵام مـــام عەلی بەچاوی دڵ دەبینێ و بە بڕوایەکـــی پتەوەوە ٣٠ ســـاڵی ڕەبەقە ئەو ئەرکە ئەنجام دەدات. شایەنی باسە مام عەلی خەڵکی شاری پاوەی کوردستانی ئێرانە.

ئا: حەلیمە محەمەد

# ـــــەسەر گا بەردێک نەخشێنراوە

هونەرمەندە نەخشەکێشـــەکان لەناو سرووشـــدا کاری جوان و قەشـــەنگ دروست دەکەن، کاتێك دەتەوێ ســـەردانی شـــارەدێی تەوێڵە بکەی کە دەکەوێتە ناوچـــەی هەورامان لـــە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی عێراق، لەسەرەتای چوونە ژوورەوە بۆ ئەو شـــارەدێیە، کارێکی هونەری جوان و ســـەیر دێتە بەرچاوت، ئەوەی لەم وێنەیە دەیبینن بریتییە لە نەخشـــێکی بەردی کە گوزارشت لە شارەدێی تەویلە دەکات، ئەمەش شێوەی دەرەوەی شارەدێیەکە دەردەخات و کارێکی جوانە، وەك ئەوەی بینینێکی پێشـــەکی بێ بەر لەوەی سەردانی شارەدێیەکە بکەیت، ئـــەم وێنەیە دەکەوێتە ســـەر ڕێگەی نێوان (بیارە و تەویلە)، ئەوەی ســـەیرە وێنەکە لەسەر گاشە بەردێك کاری لەسەر کراوە لەلایەن کەســـێکی ئەو شـــارەدێیەوە، ئەمەش بۆ زیاتر ناســـاندن و پێناسەکردنی شـــارەدێی تەوێڵەیە، زیاتریش وێنەکە دروستکراوە لەسەر نیشاندانی ســـیمای ئەو ناوچەیە و هەروەها ڕەچاوکردنی ئەو جۆرە شـــێوازەی بیناســـازی کە ناوچەی هەورامانی پێ ناسراوە.

# مانای تەسریحە سەیرەکان

کارە ســـەیرەکان ناوەســـتن و هەردەم لە تازەگەری و داهێنانـــی نوێدا دەبن، وادیـــارە دیزاینەرانی بواری جوانـــکاری و کاری تازە لە هەنـــگاوە تازەکانییانەوە لێرەدا توانیوانە کە چەندین تەســـریحەی تازە و نوێ بەکاربهێنن کە جێگەی سەمەرەی گشت خەڵکە، ئەوەی دەیبینن کۆمەڵێك تەسریحەی سەیرە، کە لەسەر شێوەی گیانـــداران دروستکراوە، ئەمەش بە مەبەســـتی داکۆکی کردنە لە گیانداران بۆ ئەوەی قەدریـــان بگیرێ و توندوتیـــژ و بە خراپ مامەڵەیان لەگەڵ نەکرێ، زیاتر تەسریحەکان لە شێوەی (ئەسپ و باڵندە)یە، هەروەها تەســـریحەیەکی دیکەی لەوانە ســـەیرتر کراوە، کە ئەویـــش بریتییە لە لێوی مرۆڤ، یـــان لێـــوی خانمان، مەبەســـتی ئەوەش ئەزیەت نەدانی لێوی خانمانە کاتێك ماچ دەکرێن.



# قاوەجاغ دیوەخانی کوردان دەڕازێنێتەوە


قاوەجاغ، یەکێکە لە کەرەســـتەکانی ئامادەکردنی قاوە تیایدا، کە کۆمەڵە کەرەســـتەیەکە بـــۆ ئامادەکـــردن و برژاندنی قاوە، ســـەرەتا لە سینیەکدا قاوەکە دەبرژێنرێت و دواتر لە ئاون ورد دەکـــرێ و دەخرێتە ناو ئەو قاوەجاغە، دواتر لەســـەر ئاگر دادەنرێ و زیاتر لەناو ئاگردان دادەنرێ و ئیتر گرنگ نییە چ جـــۆرە ئاگرێك بـــێ، بەڵام زیاتر لە ڕەژوو بەکارهاتووە، کە تامی زیاتر دەداتە قاوەکە، شـــێوەیەکی کۆن و جوانـــی هەیە، ئـــەو قاوەجاغە لە کانزا دروســـت دەکرێ کە ماددەیەکی کۆنە و بەهێزە، بە ئاســـانی ناشکێ، لە پێشـــەوە لوولەیەکی هەیە درێژ و تیژە و لە ســـەرەوە قاوە دەخرێتە ناوی و سەرەتا ئاوەکە دەخرێتە ناوی و دواتر قاوەکەی لەســـەر دەکـــرێ و تاوەکو قاوەکـــە دەکوڵێ و ئیتر لەناو فنجانی بچووکەوە پێشکەش بە میوانان دەکرێ، زیاتـــر لـــە ژووری میوانخانە و پیاو ماقوڵانەوە دادەنرا و قاوەیان پێشکەش دەکرد، لـــە دوو قاوەچاغ پێکدێ، یەکێکیان پێ دەگوترێ گەڕاوە (تەرجیـــع) ئـــەوەش کاتێك کە قاوە دەمێنێتەوە و بۆ ڕۆژی دواتر بەکاردەهێنرێ، قـــاوە لە قاوەچاغ تامێکـــی جیاوازتـــری هەیە و دیمەنێکی جوانیشی هەیە لە دیوەخان و میوانخانەکان.



## بۆ زانیاریت



**چاو** بینین نیعمەتێکی گەورەیە، یەکێ لە بەنرخترین پێکهاتەکانی جەستەمانە، بۆیە بە باشی چاودێری بکەن و هەوڵی پاراستنی بدەن. هەروەها دوای مێشک ئاڵۆزترین ئەندامی لەشە. کە لە هەر کاتژمێرێکدا ٣٦٠٠٠ بایت (gits) زانیاری ئامادە دەکات، ٪٦٥ لە کۆتایی مێشک سوود وەردەگرێت. تەنیا بەشێکە لە لەشدا کە دەتوانێت شەو و رۆژ بەبێ پشوو کار بکات. چاو زیاتر لە ٢ ملیۆن بەشی چالاکی هەیە زیاتر لە ٪٨٥ لە سەدای زانیاری مرۆڤ لە رێگەی چاو بە دەست دێن..




### ئاسۆیی:

١- جۆرە ئۆتۆمبێلێکە(پ)- جۆرە ئۆتۆمبێلێکە.
٢- حەیرانبێژێکی کوردی کۆچکردووە.
٣- نیوەی وێنە- کۆمارێکی روسیە- نیوەی مامز.
٤- یەك(ت)- سیم(ت).
٥- ناوێکی کورانە-پێغەمبەرێکە خاوەنی زەبورە.
٦- سێ پیتی فوزی- ناوێکی کورانە(پ).
٧-شیرین- بەشێکە لەمەر.
٨- یانەیەکی ئیتالییە(پ)- دەرس(پ).
٩- هۆش(پ).
١٠- نیوەی سیقان- گۆرانیبێژێکی فارسە- نیوەییە.
١١- سەرکردەیەکی ئەوروپی بوو- شارێکە لە هیند(پ).

### ستوونی:

١- پایەتەختی وڵاتێکی عەرەبییە(پ)- کچە گۆرانیبێژێکی میسرییە.
٢- کچە گۆرانیبێژێکی کوردە.
٣- پیتێکی مۆسیقایە(پ)- گۆرانیبێژێکی کوردە(پ) .
٤- رەنگێکە- خۆزگا(پ)- نیوەی گوگڵ.
٥- جۆرە گوڵێکە- پایەتەختی وڵاتێکی ئەوروپییە.
٦- نیوەی حشرە- گیانلەبەرێکە(پ).
٧- کاوە(ت)- بەرهەمێکی شیرە.
٨- رەگەزێکە(پ)- یاریزانێکی بەرازیلیە- نیوە شێرە.
٩- گێژ- کچە گۆرانیبێژێکی ئەمەریکییە.
١٠- کچەگۆرانیبێژێکی کوردە خاوەن وێنەکە(پ).
١١- شارۆچکەیەکی کوردستانە(پ)- چیایەکی کردستانە.

## نوکتە



- دوو برا بەپەلە باوکیان بەرەو ئیمرجنسی دەبەن، چونکە لە گیانەڵادا دەبێت، لە رێگا یەکێکیان دەڵێت باجارێ بیبەینە لای وێنەگر تا وێنەی بگرین کە دەیبەن، وێنەگرەکە دەڵێت: بۆ قەسام شەرعی وێنەی بگرم، ئەوانیش دەڵێن، جارێ بۆ پشتی بیکابەکە وێنەیەکی گەورەی بگرە تا لار نەبۆتەوە..

* * *

- کابرایەک دەچێتە سەر عاموودێک دوایی ناوێرێ بێتە خوارێ. شۆفێری تراکتۆرێکیش گوریسێکی دەداتێ و دەڵێ بیگرە دەتهێنمە خوارێ. کابرا گوریسەکە دەگرێت و تراکتۆرەکەش رای دەکێشێت، کابرا دەکەوێتە خوارەوە و دەمرێ. خەڵکەکە پێی دەڵێن کاکە ئەو کابرایەت بۆ کوشت؟ ئەویش دەڵێ: وەڵا خۆی ئەجەلی هاتبوو، ئەگینا ١٠٠ کەسی وام لەناو بیردا دەرهێناوە..

## مانای شتەکان لە خەون

سەرما: لەخەودا دەست کورتی و هەژارییە، ئەو کەسەی لەخەودا لەبەر سێبەردا بێت و لەسەرما بچێتەبەر هەتاو، لەهەژارییەوە دەوڵەمەند دەبێت، ئەو کەسەی لەبەر هەتاو بچێتە سێبەر لەغەم و خەفەت رزگاری دەبێت، لەوەرزی هاوین دا خەو بینین بەسەرما رزق و پارەیە ئەو کەسەی سەرمای بێت و بای بۆ بێت زیاتر دەست کورت و هەژار دەبێت، ئەو کەسەی بەئاگر خۆی گەرم کاتەوە کاروباری دەسەڵاتدار بەڕەوەدەبات، خۆ گەرم کردنەوە بەئاگری خەڵوز مانای خواردنی پارەی هەتیوە، خۆ گەرم کردنەوە بەدوکەڵ مانای گیروگرفتە، سەرمای زۆر لەزستان هیچ مانای نییە، ئەگەر لەزستان دا نەبێت مانای سەفەر نەکردنە.

**سەرچاوە:خەوننامە!**

## بۆ زاخاوی مێشک

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (بابان) بوو

بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | | |

ئەم چوارگۆشانە بە پیت پڕ بکەرەوە کە لە کۆتایدا ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لە ماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە :

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢+٣) کۆ بکەیتەوە بە مانای (فیستیڤاڵێکی سینەماییە لە فەرەنسا)
- پیتی خانەکانی (٣+٢) کۆ بکەیتەوە بە مانای (پێچەوانەی (ئا)
- پیتی خانەکانی (١+٢) کۆبکەیتەوە بە مانای (خواردنێکە گوێدرێژ دەیخوا و حەزی پێ ناکا)
- پیتی خانەکانی (٤+٢+١) کۆ بکەیتەوە بە مانای (نازناوی گۆرانیبێژێکی تورکە تازە پێگەیشتووکانە بە ئیمپراتۆری تازە ناسراوە)

